## دیوانی ئاوات

نەمر سەید کامیلی ئیمامی "ئاوات" کەسایەتییەکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردە و ژیان و چالاکییە سیاسی و هونەرییەکانی بە موکریان و بۆکانەوە گرێدراون:

- یەک لە کەسانی چالاکی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان بووە؛
- بۆ هەڵدرانی ئاڵای کۆماری کوردستان شیعری گوتووە و لە ڕێ و ڕەسمەکەدا خوێندویەتەوە؛
- ماڵەکەی لە قاقڵاوا پێگە و پەناگەی پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە و ئەگەر هەڵە نەکەم بۆ ماوەیەکیش ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزب بووە؛
- کەسایەتییەکی هێدی و هێمن و لەبەردڵان و خۆشەویستیی هەموان بوە؛
- لە بنەماڵەی شێخانی زەمبیل بووە بەڵام شێخایەتی نەکردوە و لەسەر گوند و زەوی و زاری خۆی بە ئەرک و کارەوە خەریک بووە؛
- دوو ساڵ بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لە زیندانی رژیمی شا دا بووە.

نازناوی سەید کامیل لە شیعری کوردیدا "ئاوات" و لە شیعری فارسیدا "ئیمامی" بووە. لە ساڵی 1282 [1903] لە گوندی زەمبیلی بۆکان لە دایک بووە و لە ساڵی 1368 [1987] دا کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی گوندی قاقڵاوا نێژراوە.

"دیوانی ئاوات" کۆمەڵەی شیعرەکانیەتی کە لە ساڵی 1365[1986] دا بڵاو کراوەتەوە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی گرتۆتە بەر - گەرچی هەندێک شیعری سەردەمی کۆماری تێدا نابینرێن. بۆکان لە هەموو شوێنێکی کتێبەکەدا خۆ دەردەخات. لای کەم حەوت پارچە شیعری بۆ خوالێخۆشبوو سەید محەمەدی نوورانی (برای خۆی، ناسراو بە "سەیدی زەمبیل") گوتووە (لاپەڕە 56، 59، 114، 116، 119، 197)، چواری بۆ نەمر حاجی بابە شێخی سەیادەت (مامی خۆی) گوتوون (لاپەڕە 110، 111، 116، 118)، دووی بۆ سەید عومەری برازای (لاپەڕە 10، 103)، یەک بۆ سەید ئەنوەری برازای (لاپەڕە 37)، دوو پارچەی بۆ حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی (لاپەڕە 216، 228ی فارسی)، دوو پارچەی بۆ عەلی شای برازای(لاپەڕە 113، 118) و یەک پارچەشی بۆ مامۆستا خالیدی حیسامی (لاپەڕە 223) و محەمەد خانی بوداقی (لاپەڕە 237ی فارسی) گوتوون.

جگە لەو پەیوەندییە شەخسی و دۆستانەیە، لای کەم یەک پارچە شیعری لە پەیوەندی راستەوخۆی ڕووداوە سیاسییەکانی بۆکاندا گوتراوە (دوو شەهید - کە ڕووداوی شەهادەتی کەماڵی حەمیدی و محەمەدی بەهرامی یە لە خۆپێشاندانی ساڵی 1357ی دژ بە شا دا، لاپەڕە 140). هەروەها ئەم شیعرانەش کە لەم لاپەڕانەدا جێیان بۆتەوە پەیوەندیان بە بۆکانەوە هەیە:
24، 28، 34، 36، 37، 38، 40، 62، 72، 73، 208.

بابەتی شیعری ئاوات غەرامی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، عیرفانی و سیاسین. شیعری سیاسی لە دیوانەکەدا زۆر نین و وێدەچێت ئەم کارە بۆ مەسڵەحەتی رۆژگار کرابێت، بەڵام لای کەم دە پارچە شیعری سیاسی لە کتێبەکەدان (لاپەڕەی 106، 107، 108، 175، 176، 178، 179، 139، 140، 205). لەم شیعرانەشدا سەبارەت بە خۆی دواوە: لاپەڕە 185، 189 و 193.

کارتێکەریی هەندێک شیعری فارسی وەک کارەکانی لاهووتی، پەروین ئیعتیسامی، حافز، و سەعدی بەسەر شیعرەکانیەوە دیارن.

وا هەیە شیعری "خاسە کەو" ناسراوترین بەرهەمی جەنابی سەید کامیل بێت :

*خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتوە*
*خاڵی ڕەش و سووری بەجووت ڕشتوە*
*ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتوە*
*بۆچی دزە، جەردەیە، کێی کوشتوە؟*
*بۆچی کەویش حەققی ژیانی نییە؟*
*حەققی کەژ و کێوی جوانی نییە؟*
*بۆچی ئەویش بۆتە برا کوردەکان؟*
*نابێ بکێشی نەفەسێکی ژیان؟ .....*
*خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە*
*نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە...*
*خاوەنی ئەم خاسە کەوەش هەر دەڵێ:*
*ڕاوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ*

بەهیوای ئەوەی دیوانێکی رێک و پێک تر و چاپێکی باشتری شیعرەکان بە ژیاننامەیەکی چڕوبڕی شاعیرەوە بڵاو بکرێتەوە.

سەید کامیلی ئیمامی زەنبیلی، "دیوانی ئاوات"، لەسەر نووسین و ئامادەکردنی سەید نەجمەددینی ئەنیسی، ناشر: سەید نەجمەددینی ئەنیسی، چاپی یەکەم، 1365[1986]، تاران، 239 لاپەڕە، کوردی + فارسی